# بۆ (بەختیار کەریم) و (ئاسۆ عبدوللەتیف)...منیش هاوڕێ و هاوڕاتانم



فازڵ عومەر

لەسەر وەختێکدا, کەکۆی گەلانی عێراق بەسەرجەم چین و توێژو پێکهاتەکانیەوە, لەچاوەڕوانی شەقبوون و پارچەپارچەبوونی عێراقدان, شەقبوونێك کەدەرئەنجام پێشبینی ئەوەی لێدەکرێت پێکهێنانی سێکوچەکەی(کورد, شیعە و سونە)ی لێبکەوێتەوە, لەئاوها ئان و ساتێکدا نەك بەتەنها دەبێت جێگەی لەسەر وەساتان بێت, بەڵکو زیاد لەوە دەبێت جێگەی نیگەرانیشمان بێت, کە ئەمڕۆ زیاتر لەهەر هێزێك لە هێزەکانی ناو گۆڕەپانی سیاسی عێراق, حیزبی کوردی و سەرانی سیاسی کورد, لەمیتینگ و گفتوگۆکانیاندا ( بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کەگەلی کورد مێژوویەکە لەژێر سایە و سێبەر ناوی عێراقدا ئەچەوسێندرێتەوە و جنیۆساید و ئەنفال و کیمیاباران و ئەتك دەکرێت)دێن و بانگەشەی یەکپارچەی و زەرورەتی یەکپارچەی خاکی عێراق دەکەن, رەنگە بگوترێت ئەمە سیاسەتە و هاوکێشەسیاسیەکانی ئەمڕۆ لەئاستی جیهان و ناوچەکەدا وادەخوازن...بانگەشەکردن بۆ یەکپارچەیی عێراق و بەعێراقی ناساندنی کورد, هەرمەبەستێکی لەپشتەوە بێت جگە لەبچوککردنەوەی دۆزی کورد و سفر کردنەوەی خەبات و بەرخودانەکانی و سوکایەتی کردن بەقوربانیەکانی ئەم گەلە چیدی نیە.

بۆیە کاتێك کەلەلایەن سەرۆکی پەرلەمان( ناوەندی شەرعی و  یاسادانی کوردستان)ەوە, ئاماژەبەعێراقی بوونی کوردەکانی تاراوگەدەکرێت و دەڵێت ئیوەهەموو عێراقین, ئەمە بەتەنها ناهەقی نیە کەبەرامبەر بەهاولاَتیانی کورد لەتاراوگە دەکرێت, نابەپێچەوانەوە غەدرێکە لەهەمووومان, چونکە ئەگەر کوردەکانی تاراوگە (لەدەرەوەی جوگرافیایەك کە پێی دەگوترێت عێراق) مەحکوم بەعێراقی بوون بکرێن! ئەوا ئێمەیەك کەلەناو سنورەکەداین دوورنیە مەحکوم بەعروبەش نەکرێین(لەکاتێکدا من بەش بەحاڵی خۆم کوێر ببم و ئەو ئالاَیە نەبینم کەئەمڕۆ لەهەندێك لەشار و شارۆچکەکانی کوردستان, ئەگەر لەسەروی ئالاَی کوردستانەوە نەبێت ئەوا لەشانی ئەودا دەشەکێتەوە) تەنها شتێك لەپشت ئەم دەربڕینەی بەڕێز مفتی یەوەیە هەرئەوەنیە کەئەم بەڕێزە (نازانی لەبەرامبەر ووتنی هەر ووشەیەکدا جۆرێك لەبەرپرسیارێتی)هەیە, ئەوەش نیە کەئەمڕۆ واپێویست دەکات ئێمە بەم لۆژیکە مامەڵە لەگەڵ واقیعدا بکەین, نا بەڵکو زیاد لەوە هەوڵدانە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی تەسکی حیزبی, ئەمە پێشمان دەڵێت

کەلەهەمووکاتێکدا لەبەرامبەر بەرژەوەندییە حیزبیەکاندا(گوتاری دەوڵەتی نەتەوە)خاوەن هیچ مانایەك نیە و ئەوشتانەشی ئێمە وەکو ناسنامەی کورد سەیریان دەکەین و جێگای شانازی و سەروەری ئێمەن لەبەرامبەر ئەم بەرژەوەندیەدا کەبەرژەوەندی حیزبین بچوك و بێمانا دەبن, بۆ سەلەلماندنی ئەم بۆچوونەشم, پێم وانیە ئەگەر کاك عەدنان لەوحیزبە نەبوایە کەئەمڕۆ سکرتێرەکەی لەعێراقدا نازناوی سەرۆك کۆماری پێدراوە, هەرگیز بەم لۆژکە قسەی بکردایە, باشە من لام سەیرە کاتێك ئێمە زۆربەمان خۆمان بەعێراقی دەزانین ئیتر بۆ داکۆکی لەسەر ئەوەبکەین کەدەبێت باری کەرکوك لەڕێگای ماددەی 58 ئاسایی بکەینەوەو (عەرەبە برا !) هاوردەکانمان بۆ زێدی خۆیان بگێڕینەوە, چ پێویست دەکات ئێمە باس لەدانانی دەستورێك بۆ بەڕێوەبردنی ئەم هەرێمە بکەین, ئەم قسانەم گەر سادەش بن, بەلاَم خاوەن باکگراوندێکی ئالَۆز و قوڵن...سەرۆکی پەرلەمان بەجێی ئەوەی بکەوێتە ئەم هەڵەیەوە, هەڵەیەك کە بوەماییەی روشاندنی هەستی هەر کوردێك لەهەرکوێیەکی جیهان, ئەی توانی بڵێت وێڕای ئەوی ئێمە کوردین وئەمڕۆ لەهەرێمکدا خاوەن حکومەت و پەرلەمانی خۆمانین و لەهەوڵی داڕشتنی دەستورێکی تایبەتداین بۆم هەرێمە, خوازیاری ئەوەشین ئەو بارودۆخەی ئێستا عێراق بۆ بارودۆخێکی ئارام بگۆڕێت.

سەرۆکی پەرلەمان شتێکی ووت کە لەبنەمادا وانیە, بۆیە دەبێت داوای لێبوردن بکات و دان بەوەدا بنێت کەلەڕێگەی رستەیەکەوە غەدرێکی گەورەی لە هەست و شعوری هەرکوردێك کردووە, کەخۆی بەخاوەنی خەونێك دەزانێت و دەخوازێ و دەکۆشێت بۆ تەنها رۆژێکیش بێت ئەم خەونە تەحقیق بێت, خەونێك کەخۆی لەسەربەخۆی و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەدا دەبینێتەوە و لەئێستاشدا بوونیەتی بەخاوەنی ناسنامەیەکی کوردی داماڵرا و لەهەرمۆرکێکی عێراقی بوون.

لەکۆتایدا ئەم نوسینە, جگە لەوەی وەرگرتنی هەڵوێست و پشتگیری بۆ چونەکانی(بەختیار و ئاسۆ) و سەرجەم ئەوکەسانەیە, کەلەبەرامبەر ئەم دەربڕینەی سەرۆکی پەرلەماندا بەڕستەیەکیش بێت رەخنەیان گرتووە, هاوکات دەشخوازم ئارگۆمێنت و گفتوگۆکان لەشەقامی کوردیدا سەبارەت بەم پرسەو ترسی عێراقیزەکردنی کورد بەردەوامی پێبدات. چونکە(بەختیار کەریم)گوتەنی"ئێمە کوڕان و کچانی نەتەوەیەکین کەتەنها وەنەوزێك زۆربەگران لەسەرمان رادەوەستێت".

**کوردستان**

2005/6/12